# هزرکردنێکی خۆرسکانە لەمەڕ پاشەڕۆژی ئێراق *

**سەردار ئەمین**

**لەسویدییەوە کردوە بە کوردی**

**نووسینی بیتێ هامەرگرێن**

**BITTE HAMMARGREN**

**کوردیش لە هەولێر بە فەرمی جەلال تاڵەبانی ، سەرۆکی یەکیەتییان وەک کاندیدایتی خۆیان بۆ یەکێک لە سێ پۆستە باڵاکەی بەغداد: سەرکۆمار، سەرەکوەزیران یاخود سەرۆکی پەرلەمان، دەستنیشان کرد. کورد _ کە نێزیکەی 20% ی دانیشتوانی ئێراق دەبن ، مریان لەوە خۆشکردوە کە 25% ی ماندا‌تەکانی پەرلەمان وەدەست بهێنن _ بەڵام بڕواناکرێت کە شیعە سەرکەوتوەکان رازی بن نە پۆستی سەرۆکی پەرلەمان و نە سەرەکوەزیران بدەنە تاڵەبانی.**

**بۆ جەلال تاڵەبانی هەر ئەگەری پۆستی تەشریفاتیانەی سەرکۆمار دەمێنێتەوە. مێملەکەشی لە هەولێر ، سەرۆکی پارتی مەسعود بارزانی چاوەڕێ دەکرێت ببێتە سەرۆکی هەرێمە خۆبەڕێوەبەرییەکەی کوردستانی ئێراق.**

لە ئێراق چەکدارەکان بەردەوامن لە هێرشبردنە سەر هێزەکانی ژێرسەرکردایەتی ئەمریکا وئێراقییە هاوپەیمانەکانیان ، هەرچەند دەڵێن کە ئەو هێرشانە بەشێوەکی چاک ، لە پاش هەڵبژارنەکانی یەکشەمەی رابردووە کەم بوونەتەوە. لێ لە مەیدانێکی دییدا پارتە ئێراقییەکان بەجەنگ هاتوون لەسەر ئەوەی ئاخۆ کێ دەسەلاتداربێت لەو حکومەتەی دادێ و لەو کۆمیتەیەدا کە لە بەغداد بۆ یاسادانان دادەنرێت لە پاش ژماردنی دەنگەکان.

هەروەها هەوڵیش بەردەوامە لەسەر چۆنیەتی باسلێوەکردنی هەڵبژاردنەکە. جۆرج دەبلیو بوشی سەرکۆماری ئەمریکاش دوانەکەوت لەکەڵک وەرگرتن لێی. ئێراقییە هەوادارکانی ئەمریکاش هەموو مافێکیان لەوەدا پێدا. کۆمەڵی دووەم هەڵبژاردنەکە وەک دەنگێک دەبینن بۆ ئەو حکومەتەی کە بتوانێت ئێراقێکی بێسەربازی ئەمریکا بهێنێتە کایەوە. کۆمەڵی سێیەم کە لەسەروو هەموویانەوە عارەبە سونەکانن ، هەڵبژاردنەکە وازیپێکراو دەبینن لەژێر سایەی داگیرکارییەکەدا.

تۆماس فرەیدمانی(Tomas Friedman) ئەمریکایی لە نووسینێکیدا لە (New York Times) بە پێچەوانەوە تێڕوانینەکانی لە بان ئەمریکا لادەبات و دەخوازێت کە ئوروپایی و ئەمریکایەکان ململانێیان لەسەر ئێراق بنێنە لاوە و " وەختی ئەوە نییە کە مرۆڤ چۆن لە شەڕ دەڕوانێت ،چونکە ئێستا ئیدی مەسەلەکە بوش نییە، مەسەلەی خواستی زۆرینەی گەلی ئێراقە کە دەیانەوێت ئەڵتەرنەتیڤێکی دی بێننە دامەزراندن لەبری سەددامیزم" .

تۆماس فرەیدمان پاکانەی بۆ قسەکانی دەکات لە میانەی ئەوەی کە : بەبەرهەنگاربوونەوەی ئەو هەموو ترسە و چوونە دەنگدانی ئێراقییەکان ئەو مافەیان وەدەست هێناوە کە مەرجی ئەوە بسەپێننە ئەستۆی ئێمەمانان کە ناکۆکیمان لەسەر مافبوون و مافنەبوونی داگیرکردنەکە وەلانێین و قورسایی خۆمان بنێینە بان بنیاتنانی حکومەتێکی بە یاسائامێز و تەندروست لە دوڕ ئەو وڵاتەی کە دڵی دنیای عارەب و ئیسلامە.

جارێ دەنگژماردنەکە تەواو نەبوە، بەڵام لە بۆکسل گفتوگۆ لەسەر ئەوەیە کە EU چۆن بە باشترین شێوە بتوانێت یاریدەی فێرکردنی دادوەر و بەڕێوەبەرانی پۆلیسان بدات وەک بەدوا هاتنێکی هەڵبژاردن.

ژمارەشیمانداره دراوەکەی بەشداربوانی هەڵبژاردنەکە_ 60% _ تا ئیستاکێ هەر مەزەندەیە.

لە فرەلاوە جەخت لە سەر ئەو زانیاریانە کرایەوە لە مەڕ ئەو هەموو خەڵکەی لە پارێزگای نەینەوا لە دەورووبەری موسیل _ کورد و تورکمان و فەلە _کە دەیاویست دەنگ بدەن و نەیانتوانی.

بەگوێرەی خالید ساڵحی یاساوسیاسەتزان کە لە هەولێرەوە بە تەلەفۆن دوا: زێدەتر لە 200000 کەس لە دانیشتوانی نێزیک سنورەکانی سوریا بەهۆی نەبوونی پسوڵەی دەنگدانەوە نەیان توانیوە دەنگ بدەن.

کوردیش لە هەولێر بە فەرمی جەلال تاڵەبانی ، سەرۆکی یەکیەتییان وەک کاندیدایتی خۆیان بۆ یەکێک لە سێ پۆستە باڵاکەی بەغداد: سەرکۆمار، سەرەکوەزیران یاخود سەرۆکی پەرلەمان، دەستنیشان کرد. کورد _ کە نێزیکەی 20% ی دانیشتوانی ئێراق دەبن ، مریان لەوە خۆشکردوە کە 25% ی ماندا‌تەکانی پەرلەمان وەدەست بهێنن _ بەڵام بڕواناکرێت کە شیعە سەرکەوتوەکان رازی بن نە پۆستی سەرۆکی پەرلەمان و نە سەرەکوەزیران بدەنە تاڵەبانی.

بۆ جەلال تاڵەبانی هەر ئەگەری پۆستی تەشریفاتیانەی سەرکۆمار دەمێنێتەوە. مێملەکەشی لە هەولێر ، سەرۆکی پارتی مەسعود بارزانی چاوەڕێ دەکرێت ببێتە سەرۆکی هەرێمە خۆبەڕێوەبەرییەکەی کوردستانی ئێراق.

هزرکردن لەهەمبەر ئەوەی کێ دەبێتە سەرەکوەزیرانی ئێراقی داهاتوو جێگیر نییە چونکە دەنگەکان لە بژاردندان. بە گوێرەی تێبینییەکانی رۆژ، نوقلانە بۆ عادیل عەبدولمەهدی وەزیری دارایی ئێستا لێدەدرێت. بەڵام ئەگەر ئەیاد عەلاوی سەرەکوەزیرانی دانراو لەلایەن ئەمریکاوە لە هەلبژاردنەکەدا باش بێت ئەوا بەردەوام دەبێت. بەڵام مێملەکانی عەلاوی بە تورپیەوە پەنجە بۆ ئەوە درێژ دەکەن کە عەلاوی یاری بە میدیاکان کردوە و بەرتیلی داوە بە پۆلیس و سەربازانی ئێراقی لە ریی پێدانی 140000 دیناری زیادە پێیان کە دەکاتە سەد دۆلار ، پێش هەڵبژاردن.

هاوپەیمانی شیعە کە هیوای ئەوە دەخوازن خۆیان زۆرینە بن لە پەرلەماندا ، چاوەڕوانی ئەوەیان لێدەکرێت کە ژمارەیک لە پۆستەکانی حکومەت بدەنە عارەبە سونەکان.

بەلام بە دەستخوێندنەوەی رەخنە لێگرانیان لە بەغداد شیعە مەزهەبییەکان هەوڵی ئەوە دەدەن کە دەسەلاتی تەواویان بەسەر ئەو کۆمیتەیەدا هەبێت کە یاسا بنەڕەتییە نوێیەکەی ئێراق دەنووسێت.

عەبید فەیسەڵی سیاسی ئێراقی لە سویدژیاو کە سەرتۆپی لیستەی پارتە گچکە سیکیولارەکەی هاوپەیمانی دیموکراتی ئێراقییە ، ناخوازێت کە بە تەواوی هەڵبژاردنەکە بە دادپەروەرانە بقەبلێنێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێیوایە کە " سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ ئێراقییەکان" .

هەروەها گوتی : هەڵبژاردنی دادپەروەرانە لەم کۆمەڵگایەدا بوونی نییە, چونکە ئێمە لە سایەی رژێمێکی زۆر بەهێزی تیرۆرستیانەدا ژیاوین ... کوا دەکرێت هەڵبژاردنێکی لەسەداسەدی دیموکراتییانە ئەنجام بدرێت !! بەڵام ئەبێت ئەوە بێژم کە هەڵبژاردنەکە هەنگاوێکی گەورە بوو بەرەو بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی دیموکراتییانە ،و بەرەو هەڵبژاردنێکی داهاتووی لەمە باشتر.

**زانیاری راستەقینە(فاکت)**

پێشقەچوونی شیعەکان: تا ئێستا 3,3 ملیۆن دەنگ ژمارداراوە(واتە 35%ی هەموو دەنگەکان. لەمانە 2،2 ملیۆنی چوە بۆ شیعەکان کە دەکاتە 67%. ئەم ئەنجامە سەرەتاییە لە 10 پارێزگای سەرجەم 18 پارێزگاوە هاتۆتە دەست ، ئەو 10 پارێزگایەش زوربەی دانیشتوانیان عارەبی شیعەن.لەم حیسابە نێزیکەی 17%ی دەنگەکان دراوە بە پارتەکەی ئەیاد عەلاوی سەرەکوەزیرانی ئێستا. چەند رۆژێکی تری گەرەکە تا دوا ئەنجامی دەنگەکان بخرێنە بەر دەستی خەڵک.

6ی فێبرووەری2005

رۆژی شەمە 5 فێبرەوەری Svenska Dagbladet2005* رۆژنامەی